# ڤالانتاین لەدیدی شاعیراندا

## بەسەدان کچ

بەسەدان کچ هاوارت بۆ دەکەن
لەبەر ئاوێنەی بالاتا
شێت دەبن دەبوورێنەوە،
کەچی هێشتا بێگومانم
لەوەی تۆ هەر منت دەوێت
لەبەرئەوەی ..
قۆپچەیەکی کراوەی سەر سنگت
بەردەوام دڵنیام دەکات لەوەی
کە تۆ چەند منت خۆشدەوێت.

**کەژاڵ ئەحمەد**

* هەموو تەمەنمان پێشکەش
بە سبەینێ ی تەمەن دەکەین
بۆ ئەوەی خۆشەویستی ئەو ڕۆژە
لەیاد نەکەین.

**ئاری ئاغۆک**

* پێم خۆشە نەک ساڵی ڕۆژێک یان جارێک بەڵکو خۆشەویستی وەکو باران بەسەر خەڵکی ئەم وولاتەی من ببارێ و گوڵی سووریش لە دەست و پەنجەی خۆشەویستان هەڵنەوەرێ ماچێک گەر ترۆپکی عەشق سەوز بکات وگوڵی سووریشی بگرێ.

**سانا حەسەن**

* ئەگەر چی لە عەشق هیچم دەست نەکەوت بەڵام هەمیشە عەشق بە موقەدەس ترین چەمکی بون و هەناسەو ترپەی دڵی ژیان و ئایندەی مرۆڤایەتی دەزانم

شیعرەکانم دەکەمە ملوانکەیەکی بریسکە داری سیحراوی و لە شەوانی پڕ وەیشومەو بێ ئارامی و دەکەمە ملی ئاشقانی وولاتەکەم.

**ڕێدار سابیر**

* ژیان بەندە بە خۆشەویستی هیچ کاتێ مرۆڤ ناتوانێ بەبێ ئەم هەستە جوانە ژیانی بەرێتە سەر خۆشەویستی وەکو تەلیسمێکی ڕۆحی ئەفسانەیی نە سەرەتای دیارەو نە کۆتایی لە پڕێکا بەبێ مۆڵەت خۆی دەکا بە سولتانی دڵەکان و هەست و سۆزی مرۆڤ سەرتاپای مرۆڤ داگیر دەکا.

**مژدە ئیسماعیل**

* خۆشەویستی ئەم سەردەمە زۆربەی بەرژەوەندییە واتە خۆشەویستی ڕاستەقینە بە ڕێژەیەکی زۆر کەم ماوە، بڕوام بە خۆشەویستی هەیە ئەگەر دڵسۆزانەو لەناخەوە بێت و خیانەتی تێدا نەکرێت، ئامانجی هەردوولاش پێکەوە نانی ژیانی هاوسەری بێت.

**فریشتە**

## بۆ تەنها ڕۆژێک بۆ خۆشەویستییە؟

بۆ تەنها ڕۆژێک بۆ عاشقانە، مەگەر ئەمە مەرگی عەشق و بچوککردنەوەی ئەوین و لەقاڵبدانی خۆشەویستی نیە؟ مەرگی خۆشەویستی ئەو کاتەیە کەلە نێو هەزاران سەعات و خولەک و چرکەدا، تەنها ڕۆژێک وەک ڕەمز دیاریبکرێت.

خۆشەویستی نابێ لە قاڵب بدرێ، ئەگەر خۆشەویستی، خۆشەویستی بێ ناکرێ لە ڕۆژێکدا بچوک ببێتەوە، بەلام دەشێ هەمیشەمان ڤالانتاین بێت.

**کەژاڵ ئیبراهیم خدر**

**خۆشەویستم**

کاتێک کە پێم وتی دوو ڕویی
بۆ تورە بوی
تۆ نەتهێلا ڕستەکەم لەدەم
دەربچێت
ویستم بڵێم تۆ ڕویەکت لەهەتاوو
ڕویەکێشت لە مانگ ئەچێت

**ڕەنج سەنگاوی**

## لە یادی ڤالانتاین حەبیبە بابان هەناسەکانی پێشکەش بە هاوسەرەکەی دەکات



هەمیشە دەگەڕێت پەپولە ئاسا لەم چڵ بۆ ئەو چڵ بەدوایی دەرفەتێك بۆ فێربونو سەقامگیری هەنگاوەکانی، لە پێناو پەروەردە کردنی خودو خزمەتکردنی دەوروبەری.

حەبیبە بابان لە دایك بوی ساڵی ١٩٧٤ە، لەشاری رانیە، سەرەتایی کارکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٤ لەرادیۆی مەڵبەندی ٨ی ڕاپەرین لەوێدا بێژەر بووەو یەکەم کچ بووە لەو کاتەداو لە رانیە دەنگی بیسترابێت. ئێستاش پاش ١٣ساڵ، کاری دەرهێنان بۆ هەمان رادیۆ دەکات.

ئەو ناخی پرە لە هیواو ئاواتو دەڵێت" هەمیشە لە گەڕاندابووم بەدوای بەدیهێنانی ئارەزو ئامانجەکانم" هەر بۆیە بێجگە لە نوسین لە هەفتەنامەی ژیانەوەو گۆڤاری (رانیە) کە گۆشەی نەمرانی شاری پێسپێردراوە خاوەنی هەستێکی شیعری ناسکەو لە ساڵی ١٩٩٨دا شیعر دەنوسێت.

ئەگەر چی سەرقاڵیو کارکردنی لە بورای ڕاگەیاندن هەندێ جار لە شیعر دووری دەخاتەوە بەلام ئەو دەڵێت" هەرگیز لە شیعر دانابڕێمو شیعر لەمن جیا نابێتەوە". ئەو شیعر بەدونیایەك دەبینێ کە" پڕە لە جوانی، پاکی،و لەراستیو گەرانو هیلاکی".

بۆیە کاتێك روداوەکان، خەمەکان، هەستەکان، ماندووی دەکەن بە زمانی شیعرو قافیە لە گەڵیان دەدوێت.

حەبیبەی شاعیر پەروەردەی کۆمەڵگەیەکە کوتو بەندە کۆمەڵایەتیەکان، بە ئاسانی دەرفەتبە ژنو کاری ژن نادات چ جای بواری ڕاگەیاندنو ئەدەبو هونەر، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی داوەو خۆشەویستی بۆ کارەکەیو خولیاکەی بەرەو پێش بردوەو دەڵێت" من نالێم کوتو بەندی کۆمەڵایەتی نەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بۆیە دەبێت بزانین چۆن خۆمانی لەگەڵ بگونجێنین لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانمان".

لێرەدا حەبیبە سوپاسی هاوسەکەی دەکات کە بەهاوکاری ئەو، ئەو کارانە دەکات. کێشەکانی ژنو بەکەم زانینی ژن لە چاوی کۆمەڵگا دەروازەیەکی تری شیعرەکانی حەبیبەیەو دەڵێت" کاتێك کە دەنوسم، نوسینەکەم زۆر ئازارم دەدات، چونکە هەمیشە لەوە دەترسم کە هەقی خۆی نەدەمێ".

حەبیبە بەشداری لەهەندێ کۆرو فیستیڤاڵ کردووەو شیعرەکانی بەدەوروبەرەکەی ناساندووە، بەلام شێخ دانای شەدەڵەیی نوسەرو ڕۆژنامەنوس دەرفەتێکی تری بۆ دەرەخسێنێت کاتێك داوای لێ دەکات هەندێ لە شیعرەکانی بۆ وەرگێرێتە سەر زمانی ئینگلیزی لە پێشانگایەکی تایبەت بە ژنی کورد لە ئەڵمانیا شیعرەکانی بخوێنرێتەوە، حەبیبە لە ڕۆژی ڤالانتاینی ئەمساڵدا بەم کۆپلە شیعریە خۆشەویستی‌یەکەی بۆ هاوسەرەکەی دووپات دەکاتەوە"هەموو هەناسەکانی خۆشەویستی، دەهۆنمەوەو دەیکەمە گوڵێکی سورو، پێشکەش بە هاوسەرەکەمی دەکەم".

**ئا/ کەلسوم حسێن**

## نازو مەهاباد بەسیرامیک کلتور دەگێڕنەوە




شێوەکاران نازعەزیزومەهاباد جەلال پێشانگایەکی هاوبەشیان بەناوی ژنو کلتور تایبەت بە هونەری سیرامیك لەهەولێر کردەوە.

پێشانگاکە لە ڕۆژی ٢/٥/ ٢٠٠٧ لەگەلەری کوردستان کرایەوەو سێ ڕۆژی خایاند، تێیدا چەندین پارچەی هونەری لە خۆ گرتبوو، بەشێوازی جیاواز لە ڕەنگو بابەت گوزارشتیان لە هەندێ کەلوپەلی کلتوری ڕۆژانەی کوردی دەکرد.

لە دیدارێکی تایبەت بە ڕێوان، مەهاباد جەلال ڕایگەیاند" پێشانگاکە بەرهەمی سێ ساڵە لە ماندووبوونو گەڕانم بە دوای بابەتو شێوازی نوێ". و ئاماژەشی بەوەدا لە ئایندەیەکی نزیك هەمان پێشانگا لە سلێمانی دەکاتەوە.



دیواری یەکێک لە خوێندنگاکانی سلێمانی

## کۆمەڵگە بەرپرسە لەوەی گەنجان ناچار بن هەستو سۆزەکانیان لەسەر دیوارەکان دەربڕن

## نواڕی

### ڕۆژی عاشقان ڕۆژی لەدایک بونی سەدان عەشقەو سەربڕینی سەدانی دی

لەکاتێکدا کەبەیانی لە بەردەم دوکانی گوڵ فرۆشەکەدا تێ پەڕیم هەرکوڕی گەنجم دەدی بە گوڵی سورەوە دەهاتنە دەرەوە، سوری گوڵەکان وخۆگۆڕینی گەنجەکان بەشێوەیەك بۆلای خۆیان ڕاپێچ کردم کەدەیان پرسیار لام بوروژێت، بۆزیاتر نێرینەکان گوڵ دەکڕن، تۆبڵێ ی یەکێك لەوکورانە قبوڵی بێت خوشکەکەی گوڵ بۆ خۆشەویستەکەی بکڕێت، دیمەنی ئەم گەنجە گوڵ بەدەستانە لەم پرسیاروگومانانەی بۆساتێك دابڕیم تا گەشتمە سەنتەر لەگەڵ خۆیان نوقمی خەندەوئومێدیان کردم، گەشتمە سەنتەرو لەپرسگە چاوەپڕ فرمێسکەکانی تارای تەمەن ١٧ساڵ، ڕێگەی نەدا ئەم گەشبینیەم بەردەوام بێت، بەتایبەت کاتێك ووتی ماڵی باوکم وتیان چی، ئەی دارا وتی چی، زۆربێزارم، تاکەی من ئاوا دەمێنمەوە، پرسیارە یەك لەسەر یەکەکانی ئەوو، بێ دەسەڵاتی من لەبەردەم چارەسەرێك بۆکێشەکەی، وتم تۆ خۆت نەتدەزانی ماڵی باوکت چۆنن، بۆخۆشەویستیت کرد، وەك کۆترێکی سەبڕاو ووتی نەمزانی، ئاخر خۆشم ویست، ئێستاش خۆشم دەوێت، لەم مشتومڕەی ئەوومن، ئیکرامە غائیبی بەرپرسی ئۆفیسی سەرقەڵا زەنگی لێدا، کوڕێکی کورد کچێکی تورکمانی خۆش دەوێتو چەند جار داخوازیان کردوە، بەڵام ماڵی باوکی کچەکە ڕازی نین کچەکەیان شوو بەو کورە بکات، دەیەوێت هەڵی گرێت، بەبێ دەنگی چوومە ژورەکەمو زەنگێکم لەئەوروپاوە بۆلێدرا، توخوا ئەتوانی بچیتە سەر گۆڕی بەرهەمولەجێگایی من گوڵێکی سور دانێیت.

ئیتر بەبیستنی ناوی بەرهەمی تەمەن ١٧ساڵ کەدوای ئەنفالکردنی باوکی بەنەعل فرۆشتن بەخێوی دەکردن تەنها بەتاوانی ئەوەی کچێکی خۆش ویست نەیان دایە هەڵی گرت هەربۆیە بەرهەم کوژرا. ئیدی دەستم دایە پێنوسەکەمونوسیم، ڕۆژی عاشقان ڕۆژی لەدایك بونی سەدان عەشقەو سەربڕینی سەدانی دی.

**هۆنیا**